# ڕۆژئاوا: تیاترۆخانە، دواهەمین وێنەی دوای کۆچ!

وەڵامێک بۆ شێرزاد حەسەن

سەردار عەزیز

لە وتارێکا بەناوی "ڕۆژئاوا: تیاترۆخانە یەکەمین وێنەی بەر لەکۆچ"، "شێرزاد حەسەن" لە هاولاتی ژمارە 224دا بابەتێکی دەربارەی وێنەی زاڵی خەیاڵی لاوی کورد نوسیوە بەر لە کۆچ وە چۆن ئەو وێنە، کە لە بنەمادا وێنەیەکی ناواقیعیە، لاوی کورد توشی شۆک ئەکات. خوێندنەوەی من بۆ نوسینەکە لە چەند ڕوویەکەوەیە؛ یەکەم بەبێ بوونی هیچ بەڵگەیەکی ئیمپێریکاڵ، بەڵگەیەکی پشت بە واقیع بەستووی حاشا هەڵنەگر، وەک ڕاپرس، ئامار، لێکۆڵینەوە، شێرزاد حەسەن بۆچونەکانی لە سەر بنەمای هەڵچوونی برادەرێک یان ڕای یەک دوو کەس کە پەیوەندیان پێوەکردوە بەرەم هێناوە. لەبەر نەبوونی بەڵگەنامەیەکی وەها هەموو ڕایەکان دەکرێ تەنها بۆ تێڕوانینی کەسی نوسەر بگێردرێتەوە. بۆیە لە میانەی هەڵسوکەوتم لەگەڵ بابەتەکەدا وەک بابەتێکی بابەتی(سوبژێکتیڤ) تەماشای ناکەم بەڵکو وەک بابەتێکی کەسی(ئۆبژۆکتیڤ) مامەڵەی لەگەڵا ئەکەم. بەم پێیە لەوە دڵنیا دەبین ئەوەی شێرزاد ئەگەر سەددەرسەد ڕاست بێت ناتوانرێ وەک ڕاستیەک وەربگیرێت بەڵکو تەنها لە دواجاردا تێڕوانین و تێگەیشتنی تاکەکەسێکە بۆ دیاریدەیەک کە بابەتەکە تاکەکەسی بوو، گرنگە بزانین ئەم تاکە کەسە لەکوێوە وە چۆن دونیا ئەبینێ، بۆچی دونیا وەها ئەبینێ، خۆی لەکوێی ئەم دونیادا دائەنێت. پێش ئەوەی برۆینە میتافیزیکیای بابەتەکە، تا بدوای ئەو وەڵامانەدا بگەڕێین وا باشترە ساتێک لەنێو دەقەکەدا بمێنینەوە. لە دەقەکەدا زۆر چەمکەکان کە باسیان لێوە کراوە، پێناسە نەکراون وە لە کۆتاییدا ڕوون نین. بۆ نموونە نازانین کاتێک شێرزاد دەڵێ سێکس مەبەستی چیە؟ سێکس پەیوەندی دوو مرۆڤە تا ئاوێزان بوون. یان وەک لە دەقەکەی ئەودا دیارە پێناسە کۆنەکەی نیودەقە ئاینیەکانی هەیە ئەویش نوستن لەگەڵ کەسێکا، 'نوستن لە گەڵ کەسێکا' و' ناو پێخەف'، لەوە ئەچێ تێگەیشتنەکانی ئەوبن بۆ سێکس. هەروەها تیاترۆخانە چیە؟ ئەگەر تیاترۆخانە قاحبەخانەبێت، ئەوا قاحبەخانە شوێنێکە کە ئافرەتی سۆزانی تیایە، ئەم ئافرەتانە هەرچەندە ڕووت و بەرەڵاو بێبەهان، بەڵام بەهایەکی کاپیتالیزمیانەی بەرزیان هەیە، بۆیە ئەگەر کەسێک لە قاحبەخانەبێت بەبێ پارە، ئەوا کەس لێی نزیک ناکەوێتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەگەر پارەداربیت زۆرکەم ئافرەت دڵت ئەشکێنن. لەمدوایانە ڕۆمانێکی فەرەنسی وەرگێردرایە سەر زمانی ئینگلیزی لەفێر تایتڵی 8.99کە مەبەست لێی نرخە چونکە لە ڕۆژئاوا زۆربەی شت و مەکەکان لەبەر یاسای باج بەو شێوەیەن. ئەو ڕۆمانە کە ئێستا ناوی نوسەرەکەیم لە یاد نیە،یەکێک بوو لە هەرە جدیترین ڕەخنە بەرامبەر کۆمەڵگای ڕۆژئاواو کاپیتالیزم بەگشتی. نوسەری ئەو ڕۆمانە بروای وەهایە هەموو ئافرەتێک بۆ فرۆشتنە بەڵام لە نرخا جیاوازن. یەکێک لەو دیاریدانەی زۆر ئافرەت پێی هەڵئەستن بۆ دەوڵەمەندبوون هەوڵدانی نزیک بوونەوەیە لە کەسێکی ناودار و چونە جێگا لەگەڵیا، تەنیا لەبەر ئەوەی پاشان چیرۆکەکەیان بفرۆشنەوە بەرۆژنامە تابلۆیدەکان، کە هەمووی هەواڵی خەڵکی پوچن و زۆرترین خەڵک ئەیانخوێنێتەوە، بەو شێوەیە پارەیە زۆر پێکەوە نێن. ئەمە بەسەر یاریکەری ریال مەدرید دێڤد بێکام و وەزیرە کوێرەکە لە حکومەتی بەریتانی دێڤد بالانکێت ئەوەی  مایەی نوکتەبوو ئەو ژنەی لە بلانکێتا نوستبوو منالێکی لێی هەبوو، لەهەمانکاتا لە پیاوێکی ترا ئەنوست و مێردیشی هەبوو، لەکاتی دادگای لە سەر ئەوەی ئایا باوکی منالەکەی کێیە مێردەکەی بۆ ڕۆژنامەکانی ئەووت من پشتی ژنەکەی خۆم ئەگرم، لای ئاسایی بوو کە ژنەکەی وەک پاسی مەسلەحە هەموو شار سوارئەبوون دائەبەزین. ئایا ئەمەیە بەهای تێگەیشتن لە سێکس کرانەوە بەرەو ڕۆژئاوا.

ئەو پێمان ئەلێت تیگەیشتنی کورد بۆ سێکس و پەیوەندی، تێگەیشتنێکی نەخۆشە بۆیە کاتێک کەسێک دوای سێکس کەوت ئیتر کەسێکە دۆراو بێکەڵکە، چلێس و نەخۆشە. بۆیە ئامۆژگاری ئەکات یان وەهای بەباش ئەزانێ کەبەدوای بەرهەمەکانی ، (نیتشەو هێگڵ و سارتەرو ڤۆڵتێرو سپینۆزاو ڕامبۆو بۆدلێرو جویس و ئەدیسۆن و پیکاسۆ و بیتهۆڤن....). ئەم  خۆکردن بە ڕابەرو ڕێپیشاندەری ئەویتر یەکێکە لە بنەما گەندەڵەکانی کەلتوری ڕۆژهەلات، کە دەبوایە شێرزاد باسی لێوە بکردایە و ڕەخنەی بکردایە نەک خۆی ببوایەتە یەکێک لە پێڕەوانی. ئەم خۆ بەباوک کردنە، ڕەنگە لە ئاستی جیاوازدا خۆی دەرخات بەڵام دەکرێ بگاتە ئاستی ترسناک، کە من ناوی ئەنێم ئاستی تالیبان. ئەو ئاستەی کە سیستەمێک، کەسێک یان ڕێبەرێک دەبێتە ڕێبەری خەڵک و دەزانێ چی بۆیان باشەو چی بۆیان خراپە. ئەگەر هاتوو ئەو باوکە دەسەڵاتی هەبوو ئەوا پۆلیسەکانی دەنێرێتە سەر ئەوانی تر بۆ ئەوەی بزانێ کێ زاتی ئەوەی کردوە لە ئامۆژگاریەکانی هەڵبێت، تا بەر شەق و شەپازللەکانی بکەوێت.

دیوێکی تری ئەم فینۆمینەیە، نوسینەوەی ئەو ناوانەیە. شێرزاد ئەگەر بە ڕێگەی نائاگایش بێت پێمان دەڵێ وەک من برۆن دەقەکانی ئەم بلیمەتانە بخوێننەوە. ئەم تێزە لە دانیشتنی لەگەڵ هاوڕێ بازارییەکەیا لە سەر مێزی خواردنەوە لە هەولێر بە جوانی روون ئەبێتەوە. کاتێ شێرزاد بەر نەفرەت جوێن ئەکەوێت چونکە وەک ئەوانی تر نیە. لێرەدا منێک هاوارئەکات، منێک کەئەیەوێ پێمان بڵێت ،دوام کەون منی مەزن، منی جیاواز، منی پر لە مەعریفە، منی ئاگادار لە بەرهەم و نوسینەکانی ئەوانی تر. رەهەندێکی تری ئەو ناو ریزکرنە، (هەرچەندە بەداخەوە دیاریدەیەکی باوە لە بەناو بەناورۆشنبیری کوردیا) ئەوەیە ئایا مەعریفە تەنها کلیلی سەرکەوتنە، ئایا سەرکەوتن چیە. پێش ئەوەی برۆمە سەر پەیوەندی ئەو ناوانە و ئافرەت، حەزئەکەم ساتێک لەسەر ئەوە بوەستم کە هیچ کۆمەڵگایەک نیە لە دونیادا هەموو خەڵکەکانی بە دەقە جیدیەکانەوە سەرگەرم بن. ئەگەر ئەمرۆ بێت و لە نێو هەر کۆمەڵگایەکی رۆژئاوایدا دەربارەی ئەو ناوانە راپرسی ئەنجام بدەیت، بەدڵنیاییەوە هەشتا لە سەدی خەڵکی نازانن ئەوانە کێن یان هەر لە ژیانیانا نەیانبیستوە. ئاستی بێئاگایی لە رۆژئاوا بە تایبەت لە نێوان ماس یان خەڵکی سادە مایەی رشانەوەیە. بەجۆرێ بوەتە مایەی نیگەرانی شارەزایانی کۆمەڵناس و فەیلەسوفان و سیاسەتمەداران. رۆبەرت پوتمان لە کتێبە ناسراوەکەیا بۆڵنگ ئەلۆن، یان چون بۆ یاری بۆڵنگ بەتەنها، باس لەوە ئەکات چۆن کۆمەڵگای ئەمریکی، خۆپەرست و تەنیاو بێئاگابوو بە جۆرێ سەرتاپا سیستەمی دیموکراسی لە ژێرمەترسیدایە. هەرچەندە پوتمان وەک کۆنسێرڤەتیڤێک هۆرە بۆ رابوردو ئەچرێ. سەردەمێ کە تیایا خەڵکەکان پێکەوە کۆمۆنەیان دروست ئەکردو خەمی یەکتریان ئەخوارد. ئەمرۆ کاتێک خانمێ قەڵەوی ئەمریکی لە تەلەفزیونەکەیەوە ئافرەتێکی رەقەڵەی برسی لە کیشوەری ئەفریقا دەبینێ پێی دەڵێ بۆت بمرم ئەو قەدو باڵا چناریەت لە کوێ هێناوە. ئەم دیاریدەی تاک بوون و دابران لەئەویتر گەشتوەتە رادەیەک کە سیگمۆند باومان و بیار بۆردیو گۆمەڵگا ناو بنێن کۆمەڵگای من. دیارە ئەم دیاریدەیە هۆکاری خۆی لە پشتیەوەیە کە بابەتی ئەم باسە نیە.

ئەوەی مایەی تێرامانە زۆربەی ئەو ناوانەی کە شێرزاد باسی لێوە کردون پەیوەندییان لە گەڵ ئافرەتدا پەیوەندیەکی مرۆڤانە نەبوو. چونکە باس دەربارەی سێکسە کە بریتیە لە پەیوەندی نێوان نێرو مێ ئیتر چ خەیاڵ بێت چ واقیع. وای بەباش ئەزانم بەکورتی باسی پەیوەندی چەند کەسێک لەو ناوانە لە گەڵ ئافرەتدا بکەم. پاپلۆ پیکاسۆ، وێنە کێشێکی ئیسپانی بلیمەت بوو، بەڵام بەشەق لە ژنەکانی هەڵئەدا، کە ئەڵێم ژنەکانی چونکە لە هەمانکاتدا پیکاسۆ چەندین پەیوەندی هەبوو. دیارە کاتێک پیاوێکی رۆژهەلاتی بەکارێکی وەها هەڵدەستێ مایەی نەفرەت لێکردنە بەڵام چونکە رۆژئاواییەکی بلیمەت پێی هەڵئەستێ ئیتر دەبێ ئێمە یان گوێ پێنەدەین یان بەدوای ئەوەدا بگەرێین پاساوی بدەینەوە، سەرەرای ئەوە ، پیکاسۆ هەردەم ئافرەت خۆشی ویستوە. (دەتوانی ژیانی دۆرامار یان فلیمەکە بایوگرافیەکەی پیکاسۆ ببینی). لێرەدا چەمکی خۆشەویستی دەکەوێتەوە ژێر پرسیارەوە. ئایا تا چەندێک عەقڵ لە میانەی پەیوەندی ژن و پیاودا ئامادەیی هەیە؟؟ سارتەر، نەرێزی بۆ ئافرەت دائەناو نە گوێی بە هەست و سۆزیانی ئەدا، ئەوەی بەلایەوە گرنگ بوو وەک فەرەنسیەک چۆن لە گەڵ زۆرترین ئافرەتدا بنوێ. وەک کامۆی هاورێی ، جارێکیان ژنێ رۆژنامەنوسی ئەمریکی بۆ گۆڤاری لایف کاری ئەکرد ئەیوست راپۆرتێکی فیچەر دەربارەی کامۆ بنوسێ کامۆ ئەو مەرجەی بۆ دانابوو کە پێش هەموو شتێ دەبێ لەگەڵیا بنوێ.

ئەم دیاریدەی ژمارەیە لەم دوایانەدا لەلایەن کاثرین م-ەوە لە کتێبێکا ئاشکراکرا. کتێبەکەی کاثرین دەربارەی ژیانی خۆیەتی و چۆن هەردەم لەهەوڵی ئەوەدا بووە لە گەڵ زۆرترین ژمارەی خەڵک دا بنوێ. نیتشە، تەنها لە گەڵ سۆزانیدا نوستبوو وە بروای وەها بوو ئەگەر هاتوو هەرکاتێ ویستت برۆی بۆ لای ئافرەت پێویستە قامچیەکەت لە بیر نەچێ. رەنگە پێویست نەکات بە سەرتاپا ژیانی ئەوانی تردا برۆم، کەم تازۆر چ لە بەرهەمەکانیانا یان لە ژیانی تایبەتیاندا خیانەت و سوکایەتیان بە ئافرەت کردوە.

گومان لەوەدا نیە کە تێگەیشتنی کۆمەڵگای ئێمە بۆ سێکس و پەیوەندیەکان پڕ لە هەڵەیە پێویستی بە پیاچونەوەیە. بەڵام لە هیچ کۆمەڵگایەکی سەر گۆی ئەم زەویەدا پەیوەندیە سێکسیەکان پەیوندی مرۆڤانە نین. شێرزاد بروای وایە لە بەرقەرار بوونی ئازادی(باومان دەپرسێ لە رۆژئاوا مرۆڤ لە دوالیزمێکا ئەژی بروای وەهایە کە ئازادە، لە هەمانکاتدا لەوەش دڵنیایە ئەگەر بیەوێ ژیانی بگۆرێت ئەوا لە توانایدا نیە، دەبێ ئازادی مانای چی بێت کە نەتوانی ژیانت بگۆریت؟ کتێبی گەران بەدوای سیاسەتا) کەسەکان دەتوانن خۆیان بن چاک بزانن کەی بڵێن (بەڵێ) و (نەخێر). ئەمە سەرتاپا فانتازیایەکی بێ بنەمایە. لەوپەری بێئاگایی و تێنەگەیشتنەوە بۆ رۆژئاوا دروست بوو. شێرزاد ناتوانێ لە رۆژئاوا تێبگات، چونکە بە ئاسانی لێرە ناژی.

که باوانی گەورە لە ئەمریکا سەرقاڵی نوسینەوەی دەستوری ئەمریکی بوون، یەکێک لەو بابەتانەی کە جێی بایەخیان بوو لە هەموو ئەوانی تر زیاتر ئەوە بوو کە دەسەڵاتێکی زۆر نەدەنە دەست حکومەت لە واشنتون، چونکە بە ئاسانی حکومەت لەو دورەوە ناتوانێ لە دەردو خەمەکانی ئەوان تێبگات. بۆیە فیدراڵ وحکومەتی فیدراڵیان دامەزراند تا لێیان نزیک بێت وبتوانێ لێیان تێبگات. بەهەمان شێوە شێرزاد لەبەر دووری توانای تێگەیشتنی بۆ کۆمەڵگای رۆژئاوا نیە. هەرچەندە ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم رەنگە ئەو ئینگلیزی زان بێت، بەڵام هیچ کام لەو سەرچاوانەی کەبەکاری بردوون بۆ نوسینەکەی بابەتێکی نوێ ئەم رۆژگارە نین. هەرچەندە ئێمە لەسەردمێکا  ئەژین کە مەودا جوگرافیاکان گۆرانیان بەسەراهاتووە. بەلامەوە سەیربوو بەلای شێرزادەوە کەناڵە سەتەلایتەکان ئەم دیاریدەی خراپ تێگەیشتنانەی خراپترکردوە، دیارە ئەم بۆچونە جێی پرسیارە، بەڵام چونکهمن لەوێ نیم جێیئەهێلم بۆ کەسانی تر.

من نازانم بۆچی هەڵەیە ئەگەر مرۆڤی کورد بەدوای سێکسا بگەرێ؟ یان خەیاڵێکی سێکسیانەی بۆ رۆژئاوا هەبێت؟ هەر ئەو فانتازیا بێ بنەمایانەیە کە بوەتە یەکێک لە هەرە فاکتەرە گەورەکانی جولان و کۆچ. من بروام نیە بتوانی تەنها مرۆڤێ کورد بدۆزیتەوە کە تەنها بۆ سێکس کوردوستانی جێهێشتبێت! ئەگەر گەران بەدوای تیاترۆدا تەنها هۆکاری کۆچی ئەم هەموو لاوە بێت، ئەوا پیرۆزترین هۆکارە لە هەموو مێژووی کورددا. ئەگەر فانتازیایەکی وەها ئێمە پاڵ نابێ بۆ دەرەوە، ئەوا لە دەرەوە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکە کە کوروستان جیاوازترو خێراتر ولە جێگاکانی تر دەگۆرێت، وە لە کۆتاییدا بە بەراورد بە سەر زەمینەکانی تر لە ناوچەکەدا زۆر کراوە ترە.  هەرچەندە ئەم رایە بێحورمەتی کردنە بەرامبەر هەموو ئەو ئازارو خەون خولیایانەی کە کەسانێ زۆر هەڵیانگرتوە ، ئیتر زۆر بەئاسانی هاتن بێت بۆ پارەکۆکردنەوە بۆ کارکردن بۆ خوێندن یان بۆ ژیان لێرە.

ئەگەر شێرزاد ئەوروپا بە سەرزەمینی مەعریفە تەماشا ئەکات، ئەوا ئەوانەی فاوستیانە بەدوای مەعریفانەدا وێڵن ژمارەیان کەمە. بۆ پیاوێکی رۆژهەڵاتی وەک کورد کە هەموو تەمەنی لە نێو شەرە جۆراوجۆرەکانا بەسەر بردوە، ئاساییە وەک پاڵەوانی فلیمە ناسراوەکەی دەرهێنەرە جولەکە بەناوبانگەکە ستیڤن سپیلگر بێت، تاکسی درایڤەر، یان شۆفێری تاکسی، فلیمەکە لە پاڵەوانی ئەکتەری ناسراو رۆبرت دینیرۆیە، باس لە پیاوێ ئەمریکی ئەکات کە چۆن شەری ڤێتنام وەهای پێئەکات کە چیتر نەتوانێ وەک کەسێکی سیڤیل لە کۆمەڵگادا بژی.

مرۆڤی کورد وەک هەموو بیانیەکانی تر، لە کۆمەڵگایەکا ئەژی کە لە هەموو رویەکەوە داخراوە لە بەردەمیا. کۆمەڵگایەک ئەو وەک بیانیەک وەک نامۆیەک وەرناگرێت. دەیخاتە پەراوێزەوە، پەراوێزێک کە ملیونەها مرۆڤی تیا ئەژی بەبێ بوونی هیچ پرۆژەیەک و هیچ هیوایەک. رەگەزپەرستی ئەو دەردە کوشندەیە کە ئاساییە ئەگەر کەسێک بیەوێ لە رێی سێکسەوە ئازاری برینەکانی دەربرێ. نوسەری رەشی ئەمریکی رالف ئیلیسۆن لە رۆمانێکا بەناوی پیاوێکی نەبینراو بە جوانی باسی ئەکات. ئیلیسۆن دەڵێ، من پیاوێکی نەبینراوم. من یەکێک نیم لە دێو و خێوەکانی ئادگار ئالان پۆ. من کەسێکم گۆشت و خوێن و ئێسقانم هەیە. من ئەو کەسەم کە تۆ ناتەوێ بمبینی. کە ئەویتر نایەوێ بتبینێ، نایەوێ دانت پیابنێت، ئامادە نیە وەک مرۆڤ هەڵسوکەوتت لەگەڵا بکات.

ئەگەر سیستەمی کۆمەڵگای کوردی رێ بە پەیوەندی سێکسی نادا پێش ژن هێنان. ئەوا  ئەوروپاش بە هەمان شێوە بوو لە چەند دەیەیەک لە مەو پێش. ئەو ئازادییە کە لە شەستەکانی سەدەی پێشودا گەشتە ئەو پەری، تەنورەی کورتی هێنا،لە زۆر جێگگاش منالبازی، ئەمرۆ لە پاشەکشێدایە. هێزێکی ئابوری و سیاسی مەزن لە ئەمریکا دەیانەوێ پەیامی هەڵگرتنی بوخچە بۆ شەوی بۆکێنی بڵاوبکەنەوە کە سەرۆک بۆش یەکێکە لە داکۆکیکەرە سەرسەختەکانی.

ئەگەر مرۆڤ و رۆشنبیری رۆژهەڵاتی دەیەوێ ئافرەت داگیربکات، وەک شێرزاد دەڵێ، بە بەکارهێنانی ووشەی داگیرکردن ئەو لەپەیوەندی سێکس دەکەوێ دەبێتە پەیوەندی دەسەڵات. کەس هێندەی فرانز فانۆن لە کتێبە قەشەنگەکەیا پێستی رەش و ماسکی سپی بە جوانی باسی ئەمەی نەکردوە. فانۆن چاپتەری سێی تەرخانکردوە بۆ پەیوەندی نێوان پیاوی رەش و ژنی سپی. پیاوی رەش خەون بەوە دەبینێ وەک سپی بناسرێ نەک وەک رەش. تەنها رێگاش بۆ ئەمە ئەوەیە کە هاوسەرێ سپی هەبێ. چونکە لە رێی هاوسەری سپیەوە ئەو لەلایەن ژنێ سپیەوە خۆشدەویسترێ بەو مانایە خۆشەویسترێ وەک کەسێکی سپی. ئەمە بێبەری بوون نیە لە سێکس، ئەمە بە تیاتۆکردنی دونیا نیە. ئەمە لە باشترین دۆخیدا رێگایەی سەقەتە بۆ ئەوەی کەسێک لەلایەن ئاغاکەیەوە دانی پیابنرێت.  ئەم گرێیە لەلای ژنیش بە هەمان شێوە ئامادەیە. لە رۆمانی منی خەڵکی مارتینیک ، مایوتیا کاپۆشیا بەووردی باسی ئەم دۆخەئەکات. ئەمە کۆلینیالزم کردنی رۆحە.

کەلتوری ئێمە کەلتورێکی پیرۆز نیە، بەڵام بە گۆرێنی بە کەلتورێکی تر، بەتایبەت کەلتوری رۆژئاوا کە بەداخەوە ئەمرۆ وەک پانەسیا سەیرئەکرێت (پانەسیا یانی دەرمانی هەموو دەردان) چارەسەر ناکرێت. بە تایبەت هەموو

تاقیکردنەوە ئیمپێریکاڵەکان سەلماندیان کە هێنانی کەلتوری رۆژئاوا دەرئەنجامەکەی توندرەوی ئیسلامیە. بۆ نموونە؛ ئێران، تورکیا، میسر. لە بەرامبەر ئەمەدا هێشتنەوەی کەلتور لەسەرەتاداو گۆران لە بواری ئابووری و بەرێوەبردنی حکومەت و کارکردنا کۆمەڵگا دەگۆرن بە جۆرێ کە گۆرانێکی سەقامگیر بێت، پاشان گۆرانی کەلتوری لە روانگە و پێویستی کۆمەڵگا خۆیەوە بۆ نموونە ژاپۆن. (ئەم بابەتە باسی زیاتر هەڵئەرێ بەهیوام لە داهاتودا بۆی بگەرێمەوە بەتایبەت لەو پرۆژەیەم لەسەر یابان). من بۆیە عەشقی هاروکی ماراکامیم چونکە ژاپۆنیانە ئەنوسێ، بۆیە ناتوانم بەختیار عەلی بخوێنمەوە چونکە مارکیزیانە ئەنووسێ، (دیارە مەبەستم رۆمانەکانی بەختیارە).

مەنفا بارودۆخێکی ئاسایی نیە، هەندێ جار لە دەستدانی هەموو شتێک و دەستنەکەوتنی هیچە. فەنتازیا و درۆ بەشێکی سەرەکی کەسی غەریبە. سەرەتاکانی سەدەی پێشوو پیاوێ ئایرلەندی بۆ ئەمریکا کۆچ دەکات، پاش ماوەیەک کە سەردانی واشنتون ئەکات، لە بەردەم کۆشکی سپیا وێنەیەک ئەگرێت و بۆ ئایرلەندای رەوانە ئەکات، لە پشتی وێنەکەوە دەنوسێ، "ئەمە وێنەی ماڵە هاوینیەکەمە بە هیوام بتوانن سەردانم بکەن". ئەم بەسەرهاتە لەلان سەرۆکی ئەمریکی جۆن ئێف کێنەدیەوە گێردراوەتەوە. کێنەدی کە خۆی بەرەچەڵک ئایرشە مەبەستی لە گێرانەوەی ئەو چیرۆکە نوکتە ئامێزە ئەوە بوو ئەگەر ئەم شوێنە کۆشکی سپی بەلای کۆچبەرە سەرەتاییەکانەوە خەون و فانتازیابووە ئێستا بۆ ئەو واقیعە. ژیانی کۆچەر پرە لە خەون لە خەیاڵ، ئەوەی جێی داخە ئەو بارە دەرونیە لەلایەن شێرزادەوە زۆر بە ئاسانی و سادەی لێکدراوەتەوە لە بری تێگەیشتنی رەهەندە جیاوازەکانی.
یەکێک لەو بابەتانەی شێرزاد بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ خۆی لە قەرەداوە، ئەویش کێشەی ئاسایی و پێوانە. ئایا ئاسایی چیە؟ ئایا بۆچی پەیوەندیەکانی لای ئێمە پەیوەندی هەڵەن و پەیوەندیەکانی رۆژئاوا پەیوەندی مرۆڤانەن، من بەش بەحاڵی خۆم گومانم هەیە لە مانای پەیوەندی لە رۆژئاوا. یەکێک لە هەرە بڵاوترین جۆری پەیوەندی لە نێوان کچ و کور یان ژن و پیاودا، پەیوەندیەکە بە (وەن نایت ستاند)، کە یانی (بە تەنها بۆ یەک شەو) کە لە زۆربەی باردا ئافرەتەکان نازانن ئەوانە کێن لە گەڵیاندا نوستوون. یەکێک لە هاورێ نزیکەکانم رۆمانوسێکی ئایرلەندیە، ژنە هاوسەرەکەی دۆکتۆرەو کلینیکی خۆی هەیە، بە پێی قسەکانی ئەو هەموو هەفتەیەک پاش کۆتایی هەفتە ژمارەیە زۆر ئافرەت سەردانی ئەکەن بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە منالیان نەبێ چونکە بەبێ کۆندۆم سێکسیان لە گەڵ کەسێکا کردوە بە بێئەوەی بیناسن. بۆ وانەی کارگێری تەندروستی لە زانکۆ بابەتێکم لەسەر ئێس تی دی ئامادەکرد (ئەو ئەونەخۆشیانەی کە بەهۆی کاری سێکسەوە دەگوێزرێنەوە)، رێژەی دە لە سەدی لاو لەم شارەدا توشی یەکێک لەو نەخۆشیانە بوون بەهۆی هەبوونی هاوسەری نەناسراو زۆر.
ئایا پەیوەندی ئاسایی چیە؟ یان چی ئاساییە؟ دۆلۆزو گیتاری لە گوتارێکا کە لە نامیلکەیەکی کورتا لە ژێر ناوی نۆمادۆلۆژی بڵاوکراوەتەوە، لە سەر چەمکی نیتشە بۆ دەسەڵاتی هێز ئیش ئەکەن. ئەوان بروایان وایە مۆدێرنە، هایرارکی دەسەڵاتی دروستکردوە وە لە دەرئەنجامدا دەسەڵاتدار دیاری ئەکات چی ئاسایەو چی ئاسای نیە.
لای ئیبن روشد پێویستە لاواز لاسایی بە هێزبکاتەوە. ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە چونکە زۆر بە سادەیی بەها مرۆڤایەتیەکان پەیوەندیان بە هێزو بێ هێزەوە نیە. کێشەی پەیوەندی لەکۆمەڵگای ئێمەدا بە ئازادی چارسەر نابێ بەڵکو سەرتاپا گۆران لە رەهەندە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانا پێویستە ، گۆران بەمانای لە دەستدان یان هێنانی کەلتورێکی تر نایەت. یەکێک لەو ئامارانەی کە مایەی سەرنجم بوو لە خوێندنی بارودۆخی کۆمەڵگایی ئەمریکی، ئەوەبوو کە ئەو کۆمەڵانەی کە بەرەچەڵەک خەڵکی ئاسیان، لە رووی تەندروستیەوە باشترن چونکە لە رووی خێزانیەوە سەقامگیرترن و لە قەیراندا تەنها نین. لە کۆتاییدا دێرێکی میشێل فۆکۆ بەیاد ئەهێنمەوە لە مێژووی سێکچوالیدا، فۆکۆ دەڵێ پەیوەندیە فاوستیەکەی ئەمرۆ بریتیە لە گۆرینەوەی ژیان بە سەرتاپا رەهەندەکانیەوە بە سێکس، بۆ دەسەڵات و حەقیقەتی سێکس. سێکس شایستەی ئەوەیە لە پێناویا بمری. ئەمە ئەوپەری بێمانایی و بەتاڵبوونەوەیە لە هەموو بەهایەک کە کەسێک ئەتوانێ پێیبگات. ئەوەی جێی باسە فۆکۆ لە پێناوی سێکسدا بە نەخۆشی ئایدز مرد.
لە پشوەکانی کریسمسی ئەمساڵ کچێ سویدی هات بۆ میوانیم بۆ ئەوەی کێکی سویدیم بۆ دروست کات و پێکەوە تەماشای فلیمەکەی جانۆ رۆژبەیانی بکەین کە دەربارەی هەڵەبجەیە، ژیان. کچە سویدیەکە کە ماوەیەک بۆ رێکخراوەکەم لە زانکۆ کاری ئەکرد، رێکخراوێکە بۆ ناسینی کوردو کێشەکەی، بۆی گێرامەوە کە دوو ساڵ لەمەوپێش رۆشت بۆ ئەستەنبول بۆ ئەوەی فێری زمانی تورکی بێت. لە ئەستەنبول ئەوانەی کە ئامادەبوون یارمەتی بدەن تەنها کوردەکان بوون. بۆیە بریاری دا کە سەردانی کوردوستان بکات، ماوەیەک لە دیاربەکر بژی، هەرچەندە هەموو فلیم و

وێنەکانی لە لایەن جەندرمەی تورکەوە دەستی بەسەراگیرابوو. من بەلامەوە سەیربوو کە ئەو بۆچی لە جەژنەکانی کریسمسا نەرۆیشتوەتەوە بۆ ماڵەوە. لە وەڵاما پێی ووتم کاتێ بە کەلتورێ تر ئاشنا دەبیت کە چەندێک پەیوەندی تیا بەهێزە ئیتر هەموو مەیلێکت بۆ کۆمەڵگایەکی مردووی وەک کۆمەڵگای سویدی لەدەست ئەدەیت.